	ژمارەیەکی زۆرخەڵکی بە کۆڤید ١٩ دەستنیشانکراون. ئێمە ئەم تێبینیانە کە زانیاری گرنگیان تێدان پێشکەش دەکەین، تاکو ببنە ڕێنمایی بۆ خوازیارانی خزمەتکانی Asylum Welcome, Refugee Resource و هەروەها کۆمەڵی فراوانی پەناهەندەکانی ئۆکسفۆردشێر.

کورتەیەکی کۆڤید-19

Asylum Welcome لە ڕێگەی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری گشت، زانیاری، ئامۆژگاری، پشتگیری و داکۆکی بۆ داواکارانی پەنابەری، پەنابەران و کۆچبەرانی لاواز(بەڵەنگاز) پێشکەش دەکات.

ئامانجی ئەم خزمەتانە ئەوەیە کە داواکارەکان بتوانن بە شکۆ و هیواوە بە داهاتوو بڕۆین، متمانەیان دروست بکەنەوە و بەهێزیان بکەن بۆ ئەوەی گەشە بکەن.

Refugee Resource چارەسەر بۆ پەنابەران و پەناخوازان و کۆچبەرانی بەڵەنگاز دابین دەکات تاکو لە نەهامەتییە دەروونییەکان چاک بنەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگا بن، هەروەها هاوکاری پسپۆرانە پێشکەش بەو دەزگایانەی تر دەکەین کە لەگەڵ گروپی داخوازیکارەکەمان کار دەکەن.

هەردوو **Asylum Welcome**و **Refugee Resource** پابەندن بە پێدانی زانیاری دروست و بەردەست و لەکاتی خۆیدا؛ بۆ دەستبەجێ دابینکردنی پێداویستی کرداری، لەوانە خواردن و پەناگە و دەرمان. هەروەها ئامۆژگاری و پارێزەریی، لە هەر کوێشدا بتوانرێ، ئاسانکاری قسەکردن و پەیوەندی کردن لەگەڵ دەزگا گونجاوەکان سەبارەت بە کەیسەکان.

هەردوو ڕێکخراوەکە ئەوە دەزانن کە لەوانەیە زۆرێک لە ئێوە لە ڕابردوودا پەیوەندیتان لەگەڵ هەردووک ڕێکخراوەکەی ئێمە هەبوو بێ. ئێمە پابەندین بە کارکردن لە نزیکەوە بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسانەی یارمەتیمان لێ دەخوازن.

ئێمە شێلگیرانە کار دەکەین بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بێوەی بێت

بەریتانیا ئێستا لە ئەنجامی پەتای COVID-19 تووشی حاڵەتێکی لەناکاوی تەندروستی گشتی بووە. ئێمە لەوە تێدەگەین کە چەندە گرنگە بە بێوەیی کار بکەین، پشتیوانی لە یەکتر بکەین و چاودێری تەندروستی و باشی خۆمان بکەین. زۆر پێویستە خوازیارانی خزمەتگوزارییەکانمان، خۆبەخش و کارمەند و هەموو ئەوانەی کە ڕەنگە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکەمانەوە بکەن، هەوڵی پاراستنی هەمووان بدەن تاکو بەشداری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە نەکەین.

لەم ماوەیەدا چەندین دەزگا داخراون، خزمەتگوزاری زۆر سنوردار پێشکەش ئەکەن، یاخود توانای خزمەتگوزاری ڕوو بە ڕوویان نییە. ئەمە مانای ئەوە بووە کە وەڵامدانەوەکان، لە هۆم ئۆفیس و دەسەڵاتی خۆماڵی و دەزگاکانی یارمەتیدەر، بۆ ئەو بابەتانەی کە پەلە نین زۆر لەوە هێواشتر بۆتەوە کە چاوەڕوان دەکرا، ئەمەش دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زۆرتر کردووە.

Asylum Welcome'sخزمەتگوزاری گەورە سااڵن و خێزان وە خزمەتگوزاری لاوان ڕۆژانە (سێ شەممە ، چوارشەممە و هەینی)ن. پەروەردە ، دامەزراندن و Europa Welcome ڕۆژانی (دووشەممە و پێنج شەممە) هەمووی بە تەواوی کراوە و بەردەستن. ئەم خزمەتگوزارییانە بەشێکی لە دوورەوە و بەشێکی تر لە ئۆفیس پێشکەش ئەکرێن. ئێمە چیتر ناتوانین خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ پێشکەش بکەین بۆیە هەر کەسێک کە ئەخوازێ ڕووبەڕوو ببینین پێویستە پەیوەندی بکات و کاتێک لەگەڵ ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە کێشەکەیەوە دەستبخات.

Refugee Resource ڕاوێژکاری و چارەسەری دەروونی، ڕێنمایی، خزمەتگوزاری بۆ ئافرەتان و پاڵپشتی ئامۆژگاری پارێزەریی لە ناویاندا ئامۆژگاری هاوڵاتیان، لە دوورەوە بە هۆی ئیمێڵ و ڤیدیۆ کۆنفرانس و تەلەفۆنەوە بەردەستن. لە هەندێک دۆخی تایبەتدا دەتوانین ڕوو بەڕوو ژمارەیەکی کەم چاوپێکەوتن لە ئۆفیسەکەدا ئەنجام بدەین.

ئامانجی **Asylum Welcome's**ئەوەیە، کە هەموو منداڵانی داواکاری پەناهەندەیی بێ یاوەر، ئەو کەسانەی کەنارخراون، و بێکەسن، باری تەندروستییان خراپە، بێلانەن یاخود مەترسی بێلانە بوونیان هەبێت و یان پێویستیان بە باربۆی دارایی هەیە، ببینین. هەروەها دەتوانین ئەو کەسانە ببینین کە تاوانیان بەرامبەر کراوە و یارمەتی ئەوانەش دەدەین کە وادەی پێشکەشکردنی فۆرمی داواکاری پەنابەرییان بۆ دیاری کراوە.

COVID- 19 سەرلێشێواوی، نادڵنیایی و بەربەستی گەیشتن بە زانیاری دروست، پشتگیری و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیان دروست کردووە. بە نموونە لاوازترینی ئەوانە ئەو کەسانەن کە لە بەردەم تاوانەکانی دەستدرێژیی خێزانی یان توندوتیژی یان بازرگانی پێوەکردنیاندا بوون، بە زەحمەت دەستیان گەیشتووە بە خزمەتگوزاریەکانی ئەو دەزگایانەی کە زانیاری و پشتگیری پێشکەش دەکەن.

خزمەتگوزاریەکانی گەوران و خێزان **Asylum Welcome's** ئێستا ئەتوانێ شارەزایی و ئامۆژگای لەسەر هەموو ئەم بابەتانە پێشکەش بکات، بۆیە تکایە ئاگادارمان بکەرەوە گەر ئەم خزمەتگوزاریە ئەخوازی، یان کەسێک دەناسی کە ئەیەوێ. ئەگەر تۆ داخوازیت لە **Refugee Resource** هەیە، تکایە قسە لەگەڵ کارمەندی پشتگیری خۆت بکە.

ئەگەر تۆ داواکاری پەنابەرییت، پەناهەندەیت، یان کۆچبەرێکی بەڵەنگازیت و پێویستت بە ئامۆژگاری و پشتگیری هەیە، تکایە لە ڕۆژانی کارکردن لە نێوان 9:30 بۆ 4:30 پەیوەندیمان پێوە بکە.

COVID - 19 هێشتا لە پەرەسەندندایە و هۆکاری کێشە و مەترسییە

بەداخەوە زۆر بوونی ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی ڤایرۆسەکە بوون لە ئۆکسفۆرد زۆر بووە. بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەنەی ڤایرۆسەکە و سنووردارکردنی ڕێوشوێنی زۆرتر دانراوە. پێویستە هەموومان بەتەواوی ملکەچی ئەم ڕێووشوێنانە بین تاکو بتوانین لەماڵەوە و لەشەقام و شوێنی کارو قوتابخانە و کۆلێجەکاندا بەسەلامەتی بمێنێنەوە.

ئەگەر پێویستت بە سەردانی کردن **Asylum Welcome or Refugee Resource** **هەبوو** تکایە تەلەفۆن بکە و قسەمان لەگەڵ بکە. تکایە پێمان بڵێ ئەگەر:

- تۆ یان هەر کەسێک لە خانەوادەکەت تووشی نەخۆشی کۆڤید-19 بوون
- ئەگەر تووشی هەڵامەت بووی، پلەی گەرمات بەرزە، ئەکۆکیەک یان هەستی بۆنی لەدەست داوە
- ئەگەر هەر نەخۆشیەکی تر و دڵەڕاوکێیەکت هەن کە پێویستە پێش سەردانەکەت ئێمە بیزانین:

ئەگەر کاتی بینینت بۆ دیاری کرا:

- هەمیشە ماسک بپۆشە
- کاتێک هاتیت پاککەرەوەی دەست بە کار بێنە
- دووری خۆت بپارێزە - مەترێک دوور بکەوە لە کەسانی تر
- بە داوای لێبوردنەوە ناتوانی کۆمپیوتەرەکان بەکار بێنیت

لە ئێستادا دوو جۆر بینین هەیە لە **Asylum Welcome** and**Refugee Resource:**

- لە سەنتەر لەگەڵ ڕاوێژکار (پارێزەر) یان ئامۆژگاریکار
- بینینەکان لەگەڵ ڕاوێژکار (پارێزەر) یان ئامۆژگاریکار بە تەلەفۆن، ڤیدیۆ یان ئیمەیل

بۆ دەستنیشانی هەر یەکێک لەم وادانە (موعد):

یەکەم تەلەفون بکە بۆ سەنتەرەکە، ئەو کات ، لەگەڵ ئەو کەسەی کە قسەت لەگەڵ دەکات، بڕیار ئەدەن گەر پێویستت بە وادەیەک هەبوو لە سەنتەر یاخود ئەگەر وادە دانانێکی تەلەفۆن باشترە. ئەگەر وادەیەکت لە **Asylum Welcome**یان **Refugee Resource** بۆ دیاری کرا ئەوا لەکاتی خۆیدا ئامادە بە/ و دوای تەواوبوونی وادەکە، ئەوێ بەجێی بهێڵە.

هەروەها ئاگادارمان بکە ئەگەر خێزان یان وەرگێرێک لەگەڵ خۆت دێنیت. پێویستە بەتەواوی بزانین چەند کەس لەگەڵت دێن چونکە جێگاکەمان سنووردارە لە سەنتەرەکان.

بۆ پێوەندی کردن بە
Asylum Welcome
01865 722082 یان **email** advice@asylum-welcome.org

بۆ پێوەندی کردن بە
Refugee Resource
01865 403280 یان **email**info@refugeeresource.org